مەسرور بارزانی پەیامەکی بەبۆنەی نانگی پیرۆزی ڕەمەزان بڵاوکردەوە



سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، پەیامەکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە و دەڵێت: لە خوای گەورە و میهرەبان دەپاڕێینەوە، مانگی پیرۆزی ڕەمەزان، ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی و کەتایيهاتنی نەهامەتی و قەیرانەکان لە جیهاندا.

ئەڵێ یەکشەممە،مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیامەکی بە بۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزان بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە: بە بۆنەی هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان، گەرمترین پیرۆزبایی لە موسڵمانانی کوردستان و جیهان دەکەم، هیوادارم مانگی خێر و خۆشی و ئاشتی و ئارامی بێت.

هەروەها سەرکۆنزیران مەسرور بارزانی نووسیویەتی: لە خوای گەورە و میهرەبان دەپاڕێینەوە، کە نوێژ و ڕۆژوو و عیبادەتی هەموومان قبوڵ بکات و مانگی پیرۆزی ڕەمەزان، ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی و کەتایيهاتنی نەهامەتی و قەیرانەکان لە جیهاندا.

دۆقی پەیامەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بە بۆنەی هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان، گەرمترین پیرۆزبایی لە موسڵمانانی کوردستان و جیهان دەکەم، هیوادارم مانگی خێر و خۆشی و ئاشتی و ئارامی بێت.

لە خوای گەورە و میهرەبان دەپاڕێنەوە، کە نوێژ و ڕۆژوو و عیبادەتی هەموومان قبوڵ بکات و مانگی پیرۆزی ڕەمەزان، ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی و کۆتاییهاتنی نەهامەتی و قەیرانەکان لە جیهاندا.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان